**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٤٦٨٤ لە ٢٠٢٥/٦/١**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٢٩) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ بڕیارماندا بە:

١- پێکهێنانی ئەنجومەنی ووردبینیکردنی کاروباری خانەنشینان بە سەرۆکایەتی دادوەرێک بە پلەی (٢) وە بە ئەندامیەتی (٣) فەرمانبەری یاسایی کە ناونیشانی لە (بەڕێوەبەر) کەمتر نەبێ لە وەزارەتەکانی (پێشمەرگە، ناوخۆ، دارایی) بە مەبەستی چاوپێداخشانەوە بەو پەڵپانەی (أعتراضات) کە لەلایەن خانەنشینانەوە پێشکەش دەکرێت.

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**
**ژمارە: ٢٠١٩ لە ٢٠٢٥/٥/٢٦**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پاڵپشت بە ماددەی (شەشەم) بڕگە (دووەم) لە یاسایی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە (١١) ساڵی ٢٠٠٧ وە ئاماژە بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان بە نووسراوی ژمارە (١٠٨٣٥) لە ٢٠٢٤/١/١٨ لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:-

- کردنەوەی تێبینەرایەتی کاروباری ئێزیدییەکان لە قەزای شێخان پارێزگای دهۆک.
- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**د. پشتیوان صادق عبدالله**
**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی**